www.kurdistannet.org
19-2-2006 11:36بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## زنجیرە چاوپێکەوتنێکی سیاسیی بەرپرسی بەشی پێوەندیی یەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سویس ... بەرپرسی بەشی پێوەندیەکانی حیزب لە وڵاتی سویس

لە درێژەی کار و تێکۆشانی بەرپرسی بەشی پێوەندیی یەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سویس و بە مەبەستی تین و گوڕ بەخشینی زیاتر بە پێوەندی دۆستایەتی و هەروەها ئاگادار کردنەوەی دام و دەزگا حکوومەتی و حیزب و لایەن و کە سایەتیی یەکانی ئەو وڵاتە لە بار و دۆخی سیاسیی ئێران و کوردستانی ئێران، هاوڕێ کاک عادڵ ئەلیاسی بەرپرسی بەشی پێوەندیی یەکانی حیزب لە وڵاتی سویس زنجیرە چاوپێکەوتنێکی سیاسیی لە ڕۆژانی 16، 15، 14، 13 مانگی 2ی 2006ی زایینی بە بەشداریی هاوڕێ کاک خوسرەو عەبدوڵاهی بەرپرسی بەشی پێوەندیی یەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات، بەشێوەی خوارەوە پێک هێنا:

1. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز خانمی Ruth Gaby Vermot Mangold) ڕۆت گابی فێرمۆت مانگۆڵد) ئەندامی پەرلەمانی سویس و ئەندامی ئەنجوومەنی پارلەمانتاریی شورای ئەورووپا، کاتژمێر 10ی سەر لە بەیانی ڕۆژی 2006. 2. 13 لە دەفتەری کاری خۆیدا.

2. چاوپێکەوتن لە وەزارەتی دەرەوەی سویس و کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز ئاغای ( Simon Amman سیمۆن ئامان) بەرپرسی بەشی مافی مرۆڤ لە کاتژمێر 2ی پاش نیوەڕۆی ڕێژی 2006. 2. 13ی زایینی.

3. دیدار لەگەڵ بەڕێز ئاغای (Peter Hug پێتێر هووگ) بەرپرسی پێوەندیی یە نێونەتەوەییەکانی حیزبی سۆسیالیستی سویس لە کاتژمێر 11ی سەر لە بەیانیی ڕۆژی 2006. 2. 14.

4. کۆبوونەوە لەگەڵ سکرتێری گشتیی پارتی سەوزی سویس بەڕێز ئاغای ( Hubert Zurkundern هووبێرت تسوورکیندێرن) کاتژمێر 3ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی 2006. 2. 15ی زایینی.

هەیئەتی نونێەرایەتی حیزب لە سەرجەمی ئەو چاوپێکەوتن و دیدارانەدا، سەرەڕای ئاڵ و گوڕێ بیرورا لەسەر بارودۆخی ناوچە، بە تایبەتی کێشەی کورد و وەزعی سیاسیی ئێران و کوردستانی ئێران ڕاوەستان. ئەو بابەتانەی کە هەیئەتی حیزب لەو دیدار و چاوپێکەوتنانەدا باسی لێوە کرد بریتی بوون لەم خاڵانەی خوارەوە: باسێکی کورت لەسەر مێژووی خەباتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و دامەزرانی کۆماری کوردستان لە لایەن حیزبەوە لە شاری مەهاباد، باس لەسەر شۆڕشی گەلانی ئێران و دەست بەسەرداگرتنی بەرهەمی خەباتی پڕ لە خوێن و فرمێسکی ڕۆڵەکانی گەلانی ئێران لە ساڵی 1357ی هەتاوی لە لایەن ئاخوندەکانەوە، خەباتی ئاشتی خوازانەی گەلی کورد لە سەرەتای ئەم شۆڕشەوە بە مەبەستی گەیشتن بە مافە ڕەواکانی، ڕاگەیاندنی فەرمانی جیهاد لە لایەن خومەینی یەوە، بە دژی خەڵکی کوردستانی ئێران، تێرۆری ناجوامێرانەی ڕێبەرانی گەورە و نەمرمان، دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی و هاورێیانیان، وەزعی هەنووکەیی سیاسی ئێران و کوردستانی ئێران، باسێک لەسەر کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێران بۆ ئێرانێکی دێمۆکراتیک و فیدراڵ، هاتنە سەرکاری مەحموودی ئەحمەدی نەژاد و پێشێل

کردنی خەست تری مافەکانی مرۆڤ و نانەوەی سەرکوت و زەبروزەنگ، هەر لەو پێوەندیی یەدا ئاماژە بە کوشتنی لاوانی کورد و سەرکوتـــــــــــــــی

بێ بەزەیی یانەی خۆپیشاندانی ئاشتیخوازانەی شارەکانی کوردستانی ئێران لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە هاوینی ساڵی ڕابردوو دا کرا. تەوەرێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوە و دیدارانە تەرخان کرابوو بۆ باس لەسەر قەیرانی چەکی ناوکی ئێران و شکستی پرۆسەی بە ناو "وتووێژی ڕەخنەگرانە" کە لە لایەن وڵاتانی ئەورووپاوە بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەگەڵ ئێراندا، وەڕێ خرابوو.

شایانی باسە، لە سەرجەمی ئەو چاوپێکەوتنانەدا، لە لایەن هەیئەتی حیزبەوە، چەندین بەڵگە و برۆشوورێک کە لە پێوەندی لەگەڵ پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران و هەروەها ئیعدام، کوشتن و زیندانی کردنی لاوان و خەڵکی کوردستانی ئێران، ئامادەکرابوو لەگەڵ پلاتفۆرمی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێران، بۆ ئێرانێکی دێمۆکراتیک و فیدراڵ، پێشکەش بە لایەنی سویس کرا.

جێگای باسە، لە تەواوی ئەو دیدار و کۆبوونەوانەدا، هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزبەکەمان، لە لایەن وڵاتی خانەخوێوە، زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێکراو سەرەڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆیان لەو چاوپێکەتنانە، پێ یان لەسەر بەردەوامی ئەو جۆرەدیدارانە لە داهاتوودا، داگرتەوە.

چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیدارە کار و باری پەنابەرانی سویس (BFM)

لە درێژەی چالاکی و چاوپێکەوتنەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سویس و هەروەها بە مەبەستی پشتگیری و پشتیوانی کردن لە مافی پەنابەرانی کوردی کوردستانی ئێران لە سویس، وڵاتی تورکیە و کەمپی " ئەلکرامە"ی نێوان سنووری عێراق و ئۆردن، هاوڕێیان کاک خسرەو عەبدوڵاهی و کاک عادڵ ئەلیاسی، کاتژمێر 2ی دوا نیوەڕۆی ڕۆژی 2006. 2. 16ی زایینی چاویان بە 3کەس لە کاربەدەستانی پایەبەرزی سەر بە ئیدارەی کاروباری پەنابەری وڵاتی سویس کەوت. سەرەتا هاوڕێ کاک خوسرەو عەبدوڵاهی، بەرپرسی بەشی پێوەندیی یەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات، باسێکی پوختی لەسەر وەزعی سیاسیی ئێران و بە تایبەتی کوردستانی ئێران کرد و پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤی لە ئێران و کوردستانی ئێران لە لایەن ڕێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە چڕوپڕی شی کردەوە و ئاماژەی بە میلیتاریزە کردنی کوردستانی ئێران، لە لایەن ڕێژیمەوە کرد. دواتر هاوڕێیانی حیزبی، باسی وەزعی ژیانی پەنابەرانی کوردی ئێرانیان لە تورکیە و کەمپی ئەلکەرامە هێنایە بەر باس. ئینجا لەمەڕ چارەنووسی ئەو پەنابەرە کوردانەی کوردستانی ئێران کە ئێستا لە وڵاتی سویس یان وڵامی ڕەدیان پێ دراوەتەوە، یان ئەوەتا بڕیاری بە جێ هێشتنی ئەو وڵاتە و هەتا ناردنەوەیان بۆ ئێران، لە لایەن ئیدارەی کار و باری پەنابەرانی سویسەوە، هاتۆتە گۆڕێ، خستە بەرباس و هۆیەکانی مەترسی داهاتوویان بۆ کاربەدەستانی سەر بە ئیدارەی کاروباری پەنابەری وڵاتی سویس، ڕوون کرایەوە و داوایان لێکرا کە وەک ئەرکێکی ئەخلاقی و ئینسانی، بە پێی توانا هەم ئاوڕێک لە وەزعی نالەباری پەنابەرانی کوردی کوردستانی ئێران لە وڵاتی تورکیە و کەمپی ئەلکەرامە بدەنەوە و هەمیش " تجدید نظر" لەسەر پەنابەرانی وڵاتی سویس بکەنەوە و جارێکی دیکە، بە پەروەندەکانیاندا بچنەوە. شایانی باسە کە بەرپرسانی ئیدارەی کاروباری پەنابەری وڵاتی سویس، تێبینی و بۆچوونەکانی هەیئەتی حیزبی

دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان بە جیددی وەرگرت و هەر لەو پێوەندیەش دا، چەند بەڵگەو
و دوکۆمێنتێک پێشکەش بە لایەنی سویسی کرا.

بەرپرسی بەشی پێوەندیەکانی حیزب لە وڵاتی سویس